# پێوەندی کریسمەس بە فەرهەنگی کوردەوە

## رەسووڵ محەمەدی

هەروەها کە هەمووومان دەزانین مەسیحییەکان هەموو ساڵێک واتە لە 25ی دێسەمبر (December)دا، ساڵرۆژی لە دایک بوونی مەسیح بە ئاهەنگی تایبەتی جەژن دەگرن، کە پیرۆزیان بێ و ئێمەش رێزی لێدەگرین. بەڵام بەداخەوە رەنگە کەم کەس بزانێ کە کریسمەس هەمان شەوی یەلدا (شەوزستان)یەو لە ئایینێکی کوردییەوە وەرگیراوە. بەڵێ نەک هەر کریسمەس، بەڵکوو ئایینی مەسیحییەت بە گشتی کۆپیکردنەوە و لاسایی کردنەوەی میترایسمە کە ئایینێکی کوردییە.

ئەم وتارە هەوڵدەدا بۆ ناساندنی میترا و میترایسم و لە درێژەی باسەکەدا دەردەکەوێ کە بۆچی لای من ئەو ئایینە هیندوئێرانییە زیاتر کوردییە تا فارسی یا...

پێش ئەوەی باسەکە دەست پێ بکەین، دوو روونکردنەوە بە پێویست دەزانم.

### یەکەم، روونکردنەوەیەکی مێژوویی_سیاسی:

هەرکات وشەی ئێران یان ئێرانی دێتە ئاراوەدەستبەجێ ئەو چوارچێوە سیاسی_جوگرافیاییەی ئێستا، کە بە ناوی وڵاتی ئێران ناسراوە، دێتە زێهن و فارس بوونی ئێران و ئێرانی لە مێشکدا قوت دەبێتەوە. چما ئێران=فارسستان!!

بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کاتێ باس لە دیاردە فەرهەنگی و مێژووییەکانی ناوچەکە دەکرێ، مەبەست لە ئێران ئەو کۆمەڵگا دێرینەیە کە چەند نەتەوەی جۆربەجۆر تێیدا ژیاون و لە پێکهێنانی فەرهەنگ و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی فولاتی ئێران (نەک ئێرانی ئێستا )دا بەشدار بوون و نەتەوە ئارییاییەکان بە تایبەت کورد و فارس دەوری بەرچاویان بووە.

ئەوەش بڵێم کە بەداخەوە فارسەکان و کوردەکانیش لایان وایە کە هێخامەنێشییەکان و ساسانییەکان فارس بوون. کە بە راستی هەڵەیە و ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی لە هەموو بوارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکاندا توێژینەوە بکرێ، بۆمان دەردەکەوێ کە بەڵگە بۆ کورد بوونی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە زیاترە. کە ئەمەیان دەبێ لە دەرفەتێکی تردا باس بکرێ.

کە وابوو تکایە لە بیرتان بێ کە لە درێژەی باسەکەدا هەرکاتێ باسی ئێران و ئێرانی دەکرێ، مەبەست فارس و ئەو چوارچێوە سیاسیی _ جوگرافیاییەی کە ئێستا پێی دەڵێن ئێران، نییە.

### دووهەم، روونکردنەوەیەکی زمانەوانی :

هەروەک دەزانین، دوو نەتەوەی فارس و کورد سەر بە رەگەزی ئارین و دوو تیرەی خزم و نزیک بوون و بە درێژایی سەرهەڵدان ونیشتەجێ بوونیان لە فولاتی ئێراندا، پێوەندی نزیکیان بووە. زمانیشیان زۆر لێک نزیک بووەو دوو زاراوەی گرنگ بوون لە زمانی پەهلەوی کۆن کە خۆی لقێک بووە لە زمانە هیندوئێرانییەکان.

بۆچوونێک هەیە دەڵێ : زمانە هیندوئێرانییەکان لە سەردەمێکی کۆندا لێک جیا دەبنەوە و دابەش دەبن بە دوو لق بە ناوی هیندی و سێندی.

مەبەست لە هیندی و سێندی ئەوەیە کە لە زۆر وشەدا دەنگی "ه" واتە"هێ" یان "س"و"ث" ئەو زمانانە لێک جیا دەکاتاوە. ئەڵبەت ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە هیند و سیند هەمان وشەن بە دوو دیالێکتی جیاواز. هەروەها کە ناوی چۆمێکی گەورە لە وڵاتی هیندووستان، چۆمی "سیند"ە کە مەبەست هەمان چۆمی "هیند"ە.

جا من زۆرم بیرم کردەوە لەم شتە و هاتمە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو بۆچوونە زۆر نزیکە لە راستی. بۆنموونە: فارس دەڵێ : ماهی ، کورد دەڵێ : ماسی. فارس دەڵێ : آهن، کورد دەڵێ : ئاسن. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە شتێکی گرنگ بکەم. ئەویش ئەوەیە کە وشەی مانگ لە کوردی کۆندا، ماس، ماث، ماز یان مەز بووە. واتە کورد وتوویەتی: ماث و فارس وتوویەتی : ماه. جا بۆچی ماث لە کوردیدا بووە بە مانگ ؟ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی ئایینێکی دیکەی کوردی، کە هیوادارم لە داهاتوودا بابەتێکی لە سەر بنووسم.

کە وابوو لە بیرمان بێ کە لە زۆر وشەدا ئەم جیاوازی هیندی _ سێندییە بە ئاشکرا دەبینرێ و لە درێژەی باسەکەدا روون دەبێتەوە کە بۆچی ئاماژەم کرد بەم بۆچوونە زمانەوانییە.

ئێستا با بزانین "میترا" کێیە و "میترایسم" چییە.

### ئا- میترا وەک خوا:

ناوی "میترا" هەم لە کتێبە ئایینییەکانی هیندووستاندا وەک "ریگ ڤیدا" و هەم لە "ئاڤێستا"دا و هەم لە دەقە پەهلەوییەکاندا، بە شێوەی "میثرە" نووسراوە. دواتر لەسەر ئەساسی ئەو جیاوازییە هیندی _ سێندی یە کە باسمان کرد، میثرە لە زمانی فارسیدا بوو بە مێهر و پاشان لە زمانە ئەورووپاییەکاندا بوو بە میترا. کەوابوو میثرە کۆردییە نەک فارسی. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە وشەی میثرە لە زمانی کوردیشدا گۆڕانکاری بە سەر هات و بوو بە "میر"، کە لە درێژەی باسەکەدا زیاتر شی دەکرێتەوە.

کۆنترینی ئەو بەڵگانەی کە ناوی میثرە وەک خوا لە قەڵەم دەدەن، هەندێ لەوحەی گڵین(لە گڵ درووست کراو)ن کە 1400ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح نووسراون و ساڵی 1907ی زایینی لە شوێنێک بە ناوی "بوغازکۆ" هەڵکەوتوو لە تورکیای ئێستادا دۆزراونەتەوە. بوغازکۆ لە سەردەمی نووسینی ئەو

لەوحە گڵینانەدا، ناوی هاتووشا(Hattusha) بووە، ئەو شارە پایتەختی هیتییەکان بووە. یەکێ لەو لەوحانە دەقی پەیمانێکە لە نێوان شاکانی "هیتی" و "میتانی"دا و لەو پەیمانەدا سوێند دەخوری بە دوو خوا: "میترە" و "ڤارۆنا"(1).

ئێمە دەزانین کە هیتییەکان و میتانییەکان هەر دوو لایان کورد بوون. کە وابوو ئەمە نیشانەیەکە بۆ کوردی بوونی میترە.

لە ئاڤێستاشدا باسی میترە کراوە. بەپێی یەکێ لە یەشتەکانی ئاڤێستا بە ناوی "میترە یەشت"، میترە خوای لەوەڕگە و مووچە ومەزرا و شوێنە بژوێنەکانە. هەزار چاو و دەهەزار گوێی هەیە و ئاگاداری هەموو شتێکە و چاودێری پەیمانەکان دەکا و دژی پەیمان شکێنانە و پاسەوانی وڵات و ئاشتی و ئاوەدانییە.

لە هەموو ئەو شتانەدا کە باسی میترە دەکەن ، جەخت دەکرێ لە سەر بە هێزی و سوور بوونی لە سەر پیرۆزی پەیمان و سەقامگیر بوونی ئاشتی لە رووی زەویدا. تا رادەیەک کە وەک باوکێکی بەهێز و دڵسۆز ئاگای لە خێڵەکانە کە وەفادار بن بە پەیمان و خۆ لە شەڕ بپارێزن و دۆخی ئاشتی بەردەوام بێ.

هەربۆیە باوەڕمەندانی ئەو ئایینە میترە وەک باوکی ئاسمانی و میری خواکانی دیکە سەیر دەکەن و لە نێو کورد دا میترە دەبێتە میر(2).

بە لە بەرچاو گرتنی شێوەی ژیانی ئەوکاتەی خەڵکی ناوچەکە کە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە، دەزانین کە لەوەڕگە بایەخێکی زۆر گرنگی بووە و خێڵ و عەشیرەتەکان بەردەوام لە سەر لەوەڕگەکان بەشەڕ هاتوون و شەڕوشۆڕ و کوشت و بڕ تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە. هەربۆیە بوونی ئایینێکی وەک میترایسم و خوایەکی بە هێز وەک میترە بۆ نەهێشتنی شەڕوشۆڕ و سەقام بەخشین بە ژیانێکی هێمن و پڕ لە ئاشتی پێویست بووە. بەم شێوە میری خواکان دێتە ئاراوە و بایەخ دەدا بەوەی کە خێڵەکان بە نۆرە و بە شێوەیەکی عادڵانە کەڵک وەرگرن لە لەوەڕگە و زەوی و زار و بە بەستنی پەیمان لە سەر چۆنایەتی و ماوەی بە کار هێنانی لەوەڕگەکان و هەروەها وەفادار بوون بە پەیمانەکان، لە باتی کینە و دوژمنایەتی، دۆخی ئاشتی و برایەتی و خۆشەویستی سەقامگیر ببێ. هەر بۆیە پەیمان لەو ئایینەدا شتێکی پیرۆزە و پەیمان شکێن کافرە و میترە بە هەزار چاو و دەهەزار گوێوە چاودێری دەکا لە ئاشتی و بەڕێوەچوونی پەیمانەکان و بە توندی سزای پەیمان شکێن دەدا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە مرۆڤی کورد هەمیشە وەک کەسێکی پابەند بە پەیمان ناسراوە.

بە پێی کتێبەکەی " ڤاسیلی نیکیتین " واتە " کۆردستان و کورد "، هەموو ئەو رۆژهەڵاتناسانەی کە لە کۆنەوە سەردانی کوردستانیان کردووە، جەختیان کردووە لە سەر پابەندی کورد بە پەیمانەوە و سەریان سووڕ ماوە لەو مەسەلە.

کە وابوو مامۆستا هێمن لە خۆڕایی نالێ :

لە نێو کورددا نەبوو پەیمان شکاندن
لە کوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی

ئێستا با بزانین بە پێی ئوستوورەکان، میترە چۆن سەری هەڵداوە.

بە پێی بیروبڕوای ئارياییەکان، " زەروان "(3) کە خوای " زەمان "ە و زەمان بێ سنوورە واتە نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی (ئەزەلی و ئەبەدییە)، دوو منالی دەبێ یەکێکیان "هەورمەز" کە دواتر دەبێتە " هورموز "و "ئورمەزد" و "ئەهورامەزدا". هەورمەز خوای رووناکی و هەموو شتە باشەکانە و نوورانی و سپی و بۆنخۆشە. ئەوی دیکە "ئەهریمەن"ە، کە رەش و بۆگەنە و دەبێتە خوای تاریکی و درۆ و شەڕ و هەموو شتە خراپەکان. ئەو دوو خوایە بەردەبنە بەربەرەکانێ و شەڕ. زەروان هەورەبرووسکە، کە هێمای توانایی و زاڵبوون بووە، دەدا بە هەورمەز بۆ شەڕ لە گەڵ ئەهریمەن. ئەو چەکە واتە هەورەبرووسکە جارێکیان لە نێو گاوارە(4) واتە ئەشکەوتێکدا دەدرێ لە بەردێکی سپی(بەردە چەخماخ)، میترە لەو بەردو چەخماخەوە سەرهەڵدەدات و ئەشکەوتەکە روون دەکاتەوە. میتراییەکانی ئەورووپاش هەر بڕوایان وابووە کە میترا لە بەرد بووە(5).

دوو شوان کە لە گەڵ مێگەلەکەیان لە نزیکی ئەشکەوتەکەن، تیشکەکە دەبینن و بە دیارییەوە(بەرخ و خواردن وشتی وا) دەچن بۆ لای و ئیمانی پێدەهێنن. میترە دەستبەجێ رێگای ئاسمان دەگرێتە پێش و لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا نیشتەجێ دەبێ و هەر ئەو کاتەش لە ئاسماندا حەوتەوانە، کە لە عەرەبیدا پێیدەڵێن "کواکب سبعە"، پێکدێن.

حەوتەوانە (ئەڵبەت بە پێی بۆچوونی ئەو کاتە) بریتین لە: 1.هۆر(خۆر) 2.تیر(عطارد) 3.ناهید (زهره) 4.مانگ(قمر) 5.وەهرام (مریخ) 6.بەرجیس (مشتری) 7.کەیوان (زحل).

میترە لە نێو هۆر یا خۆردا نیشتەجێ دەبێ و بە گشتی لەگەڵ هۆر دەبنە یەک.

لێرەدا پێویستە باسی هێمای جۆربەجۆری ئەو ئەستێرانە بە بەراورد کردن لەگەڵ ئاژەڵ(حیوان)، ڕەنگەکان و فلز(Metal)ەکان (بە پێی بڕوای ئەو سەردەمە) بکرێ. لە بەر ئەوەی کە بۆ تێگەیشتن لە ئایینەکە زۆر گرنگە.

| ئەستێرە | ئاژەڵ | ڕەنگ | فلز |
| --- | --- | --- | --- |
| 1.کەیوان | کاژیلە | ڕەش | سورب |
| 2.بەرجیس | ماسی | خۆڵەمێشی | قلع |
| 3.وەهرام | بەرخ | نارنجی | ئاسن |
| 4.هۆر(خۆر) | شێر | زەرد | زێڕ |
| 5.ناهید | کەڵ | سەوز | مس |
| 6.تیر | دووپشک | سوور | جیوە |
| 7.مانگ | کیسەڵ | شین | زێو |

کە وابوو ئەم شتە گرنگەمان لە بیر بێ کە میترە و خۆر یا هۆر(6) و شێر لەو ئایینەدا یەک شتن. هەر بۆیە لە ئێراندا هەر لە سەردەمانی کۆنەوە شێر و خۆر(شیروخورشید)یان لە سەر ئاڵا داناوە.

با بگەڕێینەوە سەر باسەکە. پاش ئەوەی کە میترە زەوی بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئاسمان، زەوی دەبێتە کانگای تاریکی و درۆ و شەڕ و نەهامەتی. هەربۆیە

هەورمەز بە میثرە رادەگەیەنێ کە بگەڕێتەوە بۆ زێدەکەی و روونی بکاتەوە.
میترا دەگەڕێتەوە و کۆتایی دێنێ بە تاریکی و شەڕوشۆڕ و پەیمان شکێنی و زەوی دەکاتە شوێنی ژیانی خۆش و ئاشتی و ئەوین.

## ب- میترا وەک مرۆڤێکی سۆشیانس یا سۆشیانت:

لە پێشا پێویستە بزانین کە بە پێی باوەڕی زەردەشتییەکان لە پاش کۆچی دوایی زەرڕدەشت، هەر هەزار ساڵ جارێک کەسێک لە وەچەی زەرڕدەشت سەر هەڵدەدا کە دژی خراپی و تاریکی و شەڕوشۆڕ رادەپەڕێ و دنیا دەکاتە بەهەشت. ئەم کەسانە سۆشیانس یا سۆشیانتیان پێدەڵێن. دایکی سۆشیانت، دەبێ باکرە(پاکیزە) بێت. زۆر کەس لە سەر ئەو بڕوایەن کە بیرۆکەی "مێهدی"(امام زمان) لەم باوەڕەی زەردەشتییەکانەوە گیراوە.
زەردەشتییەکان دەڵێن : جارێکیان "دۆغدۆ"، واتە هاوسەرەکەی زەرڕدەشت، لە دەریاچەی هاموون دا جل و بەرگی زەردەشت دەشوا. تۆو(نوتفە)ی زەرڕدەشت کە بە جلەکانەوەیە لە لایەن خواکانەوە لە نێو گوڵی نیلووفەری شین دا حەشار دەدرێ و پارێزگاری لێدەکرێ(7). دوای هەزار ساڵ "ئاناهیتا" کە خواژن(الهە )یەکی ئارياییە و خوای ئاوەکان و پاکی و بێگەردییە(8)، رۆژێک لە نێو ئاوەکەدا مەلە دەکاو لە نیلووفەرەکە نزیک دەبێتەوە. تۆو(نوتفە)ەکەی زەرڕدەشت دەچێتە نێو لەشییەوە و ئاوس دەبێ. و لە یەکەم شەوی زستاندا(یەلدا) میترای دەبێ. کە وابوو بە پێی ئەم بۆچوونە میترا مرۆڤەو کوڕی ئاناهیتایە، کە بە بێ ئەوەی لە گەڵ پیاو تێکەڵ ببێ میترای بووە.

### هەندێ تایبەتمەندی و داب و نەریتی میترایی.

- *کوشتنی گا لە لایەن میتراوە
- میترا 12 هاوڕیی بووە. لە کاتی دژایەتی لەگەڵ تاریکی و خراپە و شەڕوشۆڕدا، گایەکی رەش دەکوژێ کە هێمای تاریکی و درۆ و هەموو شتە خراپەکانە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە زۆر نەخش لە نێو ئەشکەوتەکان و بە تایبەت لە نێو مێهراوەکانی ئەورووپادا دۆزراونەتەوە کە میترا لە کاتی کۆشتنی گاکەدا پیشان دەدەن. یەک نەخشیش دۆزراوەتەوە کە ژنێک کە تاجێکی بە سەرەوەیە، بە ڕم(نێزە) خەریکی کۆشتنی گایەکە. هەر ئەم نەخشە بووە هۆکاری ئەو هەڵەیە کە دەستەیەک لایان وا بێ کە میترا ژنە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە میترا پیاوە.
- لە "تەختی جەمشید" و هەروەها لە قەڵای "زێوییەی سەقز"دا دوو نەخش دۆزراونەتەوە کە رەسمی شێرێکیان لە سەرەو شێرەکە پەڕیوەتە کۆڵی گایەکەوە و دەیکوژێ( لە بیرتان بێ کە وتمان میترا و خۆر و شێر یەک شتن).
- بە هەر حاڵ، پاش کوشتنی گاکە میترا دەگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێکانی و بۆ ئاخرین جار لە گەڵیان وەک شام (خواردنی ئێوارە)، نان و شەرابی پیروز دەخوا.(9)  پاشان ماڵاوایی دەکا لە هاوڕێکانی و دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان. بەڵام بەڵێنیان پێدەدا کە بگەڕێتەوە و لەگەڵ خۆی رووناکی بێنێ(10).
-
- * چلیپە(صلیب)
- لای میتراییەکان چلیپا(صلیب) زۆر شتێکی پیرۆز بووە و هێما بووە بۆ هەموو دنیا واتە (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات و رۆژاوا)، هەروەها هێمای چوار عونسوری سەرەکی واتە(ئاو، ئاگر، با و خاک). چلیپاکە لە نێو ئەڵقەیەکدابووە کە هێمایە بۆ خۆر.
-
- * پیرۆز کردنی مناڵ
- میتراییەکان کاتێ کە مناڵیان دەبوو، لە شوێنێکدا کە "مێهراوە"یان پێدەگوت، مناڵەکەیان دەشۆرد و پیرۆزیان دەکرد( دەڵێن وشەی "محراب"ی عەرەبی هەر ئەو "مێهراوە"یە).
-
- * ئێزدواج
- زەواج لە نێو میتراییەکاندا پەیمانێک بووە لە نێوان ژن و پیاودا کە دەبوو ئەمەگدار بن و پەیمانەکە نەشکێنن. نیشانە و هێمای پەیمانەکەش ئەڵقەیەک بووە کە کردوویانەتە پەنجە بۆ ئەوەی هەمیشە لە بەر جاویاندا بێت و پەیمانەکە لە بیر نەکەن.(11)
-
- * قوربانی کردن
- هەروەک پێشتر باسمان کرد، میترا گایەک دەکوژێ و هەر لەو کاتەوە قوربانی کردنی گا دەبێتە نەریت و تا ئێستاش بەردەوامە. لێرەدا رەنگە بێ کەڵک نەبێ کە ئاماژە بکرێ بە ئاهەنگی قوربانی کردنی گا کە لە لایەن ئێزەدییەکانەوە هەموو ساڵێک بەڕێوە دەچێت.
- دوکتور"فریدون جنیدی" کە فارسە، چۆنییەتی بەڕێوە بردنی ئەو ئاهەنگە لە زمانی مامۆستا"تۆفێق وەهبی"یەوە بەم شیوە دەگێڕێتەوە:

"ئێزەدییەکان لە پێنجەمین رۆژی جەژندا، ئاهەنگی "قەباغ" بەڕێوە دەبەن. دەستەیەکیان دەچنە سەر لووتکەی کێوی بەرانبەر بە مەزاری "شێخ عودەی" و بە تفەنگ دەست دەکەن بە تەقەکردن و بە شادی و هەڵهەڵەوە ئاهەنگەکە دەست پێدەکەن. پاشان دەگەڕێنەوە بۆ سەر مەزاری شێخ کە لەوێ ژن و پیاو بە دەنگی دەف و نایەوە هەڵدەپەڕن. لەو کاتەدا "**میرشێخ** خان" گایەکی گەورەی ئامادە کردووە و داوایان لێدەکات نەیەڵن گاکە تووشی هیچ سەدەمەیەک بێ. گەنجەکان گاکە وەردەگرن و لە گەڵ خۆیان دەیبەن بۆ سەر مەزاری "شێخ **شەمس**" و بەڵێن دەدەن کە بە ساخی بیگێڕنەوە . کاتێ کە خەریکی خوێندنی دۆعاو موناجاتێکن، کە غەیرە ئێزەدییەکان تێیناگەن، دوو نەفەر ئێزەدی دزە ئەکەن بۆ ناو جەماعەتەکە و یەکێکیان بە زیرەکییەکی  تایبەتییەوە گاکە دەدزێ. لەپڕ هاواروڕۆ بەرز دەبێتەوە و جەماعەتەکە بێ ئەوەی گرنگی بدەن بە دزەکە لە گاکە دەگەڕێن و لە هەمان کاتدا وادەنوێنن کە هەم ناو و هەم حوزووری

دزەکەیان لە بیر چووەتەوە. پاشان گاکە بە شادی و خۆشییەوە دەبەنەوە بۆ سەر مەزاری شێخ عودەی. کەسانی سەر بە خێڵ و عەشیرەتەکان لە شوێنێکدا بە ناوی "مەیدانی جیهاد" کۆ دەبنەوە و پاشان دە پیاوی ئازاو بوێر دێنە پێشەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەن لە گاکە. بەڵام **میر** دەڵێ پێویست ناکا چونکوو گاکە رای کردووە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەو دوو پیاوەی کە پێشتر گاکەیان دزیبوو، چوونەتە نێو زیارەتگاکە و خۆیان وەک پیاوانی میر لە قەڵەم دەدەن کە گوایە ویستوویانە گاکە بپارێزن. پاشان ئەو دوو کەسە گاکە دەڕفێنن بەرەو مەزاری شێخ شەمس. لەوێ ئێزەدییەکان بە دارو شەللاق دەکەونە وێزەی گاکە و پاش ماوەیەکی کورت سەری دەبڕن.( بڕوانە پەراوێزی ژمارە1)

هیوادارم سەرنجتان دابێ لە وشەگەلی"میر" و"شەمس" ( کە بە واتای "خۆر")ە.

-

- ## ‎* تەسەوف(عێرفان)ی میترایی(12)
- میتراییسم بۆ پاڵاوتنی رۆح و رەوانی باوەڕمەندان و گەشەکردنیان، سیستەمێکی عێرفانی هەبوو کە بریتی بوو لە حەوت پلە(قوناغ) کە باوەڕمەندان دەبوو لەو حەوت پلە تێپەڕن. ئەوەی کە دەستی دەکرد بە بڕینی ئەو قۆناغانە پێی دەگوترا "شاگرد" یا "تازەکار". ئەو حەوت پلە بریتی بوون لە:
- ### ئا. قالاو
- هێمای یەکەم قۆناغ قاڵاو بوو. شاگرد لە یەکەم هەنگاودا تووشی قاڵاوێک دەهات. قاڵاو مەلێکی رەش و چڵێسە. رەشی هێمای تاریکی و پێوەندی مرۆفە بە ئەهریمەنەوە. هەروەها هێمای نەزانینە. لەم پلەدا شاگرد زمانی دەبەسترێ و بێدەنگ دەبێ.
- ### ب. داڵە کەرخۆر
- لە قۆناغی دووهەمدا شاگرد تووشی داڵەکەرخۆرێک دەبێ. ئەم پەلەوەرە پێوەندی بە لاشەی مردارەوە بووەوە هەیە کە هێمای جیفەی دنیاییە. لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی ئەم مەلە دەروون بینی و ڕامانە. لەم قۆناغەدا شاگرد لە گەڵ دەروون بینی ئاشنا دەبێ، واز لە دنیا دێنێ، لە خەڵک دوور دەکەوێتەوە و لە گۆشەیەکدا چل رۆژ دادەنیشێ و دەست دەکا بە رامان.
- ### پ. سەرباز
- لەم پلەدا شاگردەکە ئاگادار دەبێتەوە لە نهێنی "هێز" و "بوێری" و تێدەگا کە هۆکاری بێ هێزی و نەتوانین، سستی و تەممەڵییە. لەم قۆناغەدا، "میریاران" پشتێنێک لە پشتی دەبەستن و دەبێتە سەرباز و ئامادە دەبێ کە لە پێناوی "هەورمەز" و سەقامگیری رووناکی لە جیهاندا، خەبات بکا. جا میریارەکان تاجێکی پێشکەش دەکەن کە وەری ناگرێت و دەڵێ : میر(خۆر) تاجی سەرمە.
- ### ت. شێر
- ئەوەی کە بگاتە قۆناغی شێر، دیارە سەربازێکی ئازایە و لە دنیا دابڕاوە. بە دڵ و بە گیان رووی کردووەتە رووناکی و فێری سەربەرزی و شکۆداری بووە. لەم پلە بەدوا بە شاگرد دەڵێن "پەیڕەو".
- ### ج. ئێرانی
- لەم پلەدا پەیڕەو هەست بە خۆشەویستییەکی دوو لایەنە دەکا. لە لایەکەوە ئەوینداری خەڵکە و لە لایەکی ترەوە شەیدای "میر"ە.

### چ. میریار
- ئەوەی بتوانێ بگاتە ئەم پلە، دیارە لێهاتووە و شایانی ئەوەیە کە ببێتە "میریار"، واتە دەبێتە مامۆستا و رێنوێنی تازەکاران.
- ### ح. باب یان پیر
- ئەوەی بگاتە حەوتەمین و ئاخرین پلە، گەیشتووە بە رووناکی و دەبێتە نوێنەری میر کە سەرچاوەی رووناکییە ئیتر پێیدەڵێن "باب" یان "پیر".
-
- ## ‎* گیانلەبەری پیرۆز
- میر کەڵەشێری زۆر خۆشویستووە. بە تایبەت کەڵەشێری سپی. هەربۆیە ئەم پەلەوەرە رێزی تایبەتی هەبووە لای میترایيەکان و وەک بۆونەوەرێکی پیرۆز سەیریان کردووەو بووەتە هێمای باوک(میثره).
- کە تۆزێک بیر لە وشەی کەڵەشێر بکەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بە مانای " کەڵی شێر"ە. لە بیرمان بێ کە لە باسی حەوتەوانە و هێمای جۆربەجۆری ئەستێرەکاندا، گوتمان کە "میر(میترا)" و "هۆر(خۆر) و "شێر" یەک شتن. هەروەها بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی لە هەندێ ناوچەی **کوردستان** بەو پەلەوەرە دەگوترێ کەڵەشێر و لە هەندێ ناوچەی دیکە پێیدەڵێن کەڵەباب.
-
- ## **میترایسم لە رۆژاوا(ئەورووپا)د.ا:**
- چۆنییەتی پەرەسەندنی ئایینی میترا بەرەو وڵاتانی ئەورووپی، بە تەواوی روون نەبووەتەوە. بەڵام بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە دەڵێ : کاتێ کە لەشکری ئەسکەندەری مەکدوونی هێرش دەکاتە سەر ئێرانی ئەوکاتە، واتە لە کاتی دەسەڵاتداری شای هێخامەنشی (دارای سێهەم)، لەگەڵ ئایینی میترا ئاشنا دەبن. ئەگەر چی لەو کاتەدا ئایینی میترایی کز بووە و ئایینی رەسمی و زاڵ ئایینی زەرەدەشتی بووە، یۆنانییەکان بۆ درووست کردنی دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان ئێرانییەکاندا، بایەخ دەدەن بە ئایینی میترا و پاش شکست هێنانی هێخامەنێشییەکان و گرتنی دەسەڵات لە لایەن یۆنانییەکانەوە و نیشتەجێ بوونیان ، زۆربەی سەربازە یۆنانییەکان واز لە ئایینی خۆیان دێنن و دەبنە میترایی. دواتر لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا کە یۆنانییەکان تێکدەشکێن و ناوچەکە بەجێ دێڵن، ئایینی میترا لە لایەن سەربازەکان و بازرگانە یۆنانییەکانەوە دەبرێتە ئەورووپا.

- هەرچۆنێ بێ، لە سەدەی یەکەمی پێش لەدایک بوونی مەسیحەوە تا سەدەی چوارەمی زایینی، واتە ماوەی 500 ساڵ، میترایسم زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای گرتەوە و بوو بە ئایینی رەسمی ئیمپراتۆرییەتی رۆم و تا سەردەمی دەسەڵات گرتنی کونستانتین (Konstantin) ئایینی زاڵ بووە.
- کونستانتین(280-337 زایینی) لە سۆنگەی سیاسییەوە، لە ئایینی میترایی هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە مەسیحی. بەڵام میترایییەکان ئازار ئاداو ئازاییان پێدەدا کە لە سەر ئایینی خۆیان بمێننەوە و داب و نەریتی خۆیان بپارێزن. کەچی جێنشینەکانی بەردەبنە زەخت و زۆر لەسەر میترایییەکان ولەسەر داوای کلیسا، دەستدەکەن بە وێران کردنی مێهراوەکان و کوشت و بڕی باوەرمەندانی میترایی، بە شێوەیەک کە کەس نەیدەوێرا پڕبەدڵ سەیری هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر بکا لە ترسی تۆمەتبار بوون بە میترایی.
- دواتر لە ساڵی 361ی زایینیدا، جولیانوس فلاڤیوس کلاودیوس(Julianus Flavius Claudius) بوو بە ئیمپراتوور و گەڕایەوە سەر باوەڕی میترایی و میترایسمی کردەوە بە ئایینی رەسمی و میترایییەکان دیسان سەریان هەڵدایەوە. بەڵام پاش دوو ساڵ، جولیانوس جوانەمەرگ بوو.
- کلتسا نەفرەتی کرد لە جولیانوس و بە کافری لە قەڵەم داو بە یارمەتی فەرماندەکانی ئیمپراتووری، بەربوونە کوشت و بڕی دووبارەی میترایییەکان.
- بەڵام هەرچونێ بێ، گرنگ ئەوەیە کە مەسیحییەت نەک هەر لە میتراییسمەوە سەرچاوەی گرت، بەڵکوو زۆربەی داب و نەریتی ئایینی میترای کۆپی کرد، کە لێرەدا ئاماژە دەکەم بە هەندێ لەوانە.
- * کاتی لەدایکبوونی مەسیح
- تا سەدەی چوارەمی زایینی، هەموو مەسیحییەکان بڕوایان وابوو کە مەسیح شەوی 6ی January هاتووەتە دنیا. بەڵام لە ساڵی 353ی زایینیدا، پاپ لیبێر(Liber) رایگەیاند کە مەسیح لە شەوی 25ی December (واتە شەوی یەلدا بە تەقویمی ئەو سەردەمە) لەدایک بووە.کە کاتی لەدایک بوونی میترایە.
- جێگای سەرنجە کە ئێستاش مەسیحییە ئورتۆدوکسەکان و ئەرمەنییەکان ئەوەیان قەبووڵ نییە و دەڵێن مەسیح لە 6ی January لەدایک بووە.
- * مەسیح و شوانەکان
- میترا کە لە ئەشکەوتەکەدا دێتە دنیا، دوو شوان دەچن بۆ لای و مەسیحییەکانیش بە هەمان شێوە دەڵێن : کاتێ کە مەسیح لە دایک دەبێ، دوو شوان دەچن بو لای.
- * پاکیزە بوونی دایک
- ئاناهیتا دایکی میترا(وەک سۆشیانت) باکرە بووە واتە بێ ئەوەی لەگەڵ پیاو تێکەڵ بێ ، میترای بووە. وەک دەزانن، مریەمی دایکی مەسیحیش باکرە بوو.
- * چلیپە(صلیب)
- چلیپەی میترایییەکان بوو بە هێمای پیرۆزی مەسیحییەکان.
- * باوک
- میترا باوکی ئاسمانی بوو. مەسیحیش بوو بە باوکی ئاسمانی.
- * پاپ(Pope)
- لەعیرفانی میتراییدا، ئەوەی کە دەگەیشتە پلەی ئاخر، دەبووە "پیر" یان "باب". هەموو دەزانین کە بەرزترین قەشەی مەسیحییەت پێی دەگوترێ "پاپ"، کە هەمان وەشەی "باب"ی کوردییە بە هەمان واتا.
- * کەڵەشێر
- پێشتر باسی پیرۆز بوونی کەڵەشێرمان کرد لە ئایینی میترادا.ئەگەر سەرنجتان دابێ، لە زۆربەی کلیساکانی دنیای مەسیحییەتدا، لە سەر منارەی کلیساکان کەڵەشێرێک دەبینرێ کە وەک "بانوێن"(ئامرازێک بۆ نواندنی ئاراستەی با) بەکاری دێنن.
- * شامی ئاخر
- خواردنی "ئاخرین شام"ی میترا لەگەڵ 12 هاوڕێکەی و شامی ئاخری مەسیح لەگەڵ 12هاوڕێکی. هەروەها خواردنی نان و شەرابی پیرۆزی ئەوان و ئەو نان و شەرابەی کە رۆژانی یەکشەممە لە لایەن قەشەکانەوە پیرۆز دەکرێ و دەدرێ بەوانەی کە دەچن بۆ کلیسا.
- * نەمری
- میترا نامرێ بەڵکوو دەڕوا بۆ ئاسمان و بەڵێن دەدا بە هاوڕێکانی کە بگەڕێتەوە.
- بە پێی بڕوای مەسیحییەکانیش، مەسیح نەمردووە و بڕیار وایە بگەڕێتەوە.
- * سەرکڵاو
- لە هەموو ئەو نەخشانەدا کە لە ئەشکەوتەکان و مێهراوەکاندا دۆزراونەتەوە، میترا سەرکڵاوێکی لە سەردایە کە ئێستاش قەشە گەورەکانی کلیسا، کە پێیان دەڵێن "ئوسقوفی ئەعزەم"، هەمان سەرکڵاویان لەسەردایە و سەیر ئەوەیە کە خۆیان بەو کڵاوە دەڵێن: "میترا".(13)
- *کاژ(کاج)
- لە سەردەمی کۆندا لای خۆمان شەوی یەلدا(جەژنی لەدایک بوونی میترا) داری "سەرڤ (شەروەن) " یان داناوە. مەسیحییەکان لەباتی سەرڤ،

داری کاژ(کاج) دادەنێن.

- ***
- 
- لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە ئەوە نییە کە بیسەلمێنێ کە مەسیحییەت و کریسمەس لە میترایسم و یەلداوە وەرگیراون. چونکە ئەوە پێشتر سەلماوە و دەیان کتێب و سەدان وتاری بە زمانی جۆراوجۆر لە سەر نووسراوە و شتێکی تازە نییە. بەڵکوو مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە بە کورد بڵێم :
- بەداخەوە کورد (هۆکارەکانی هەرچی کە هەن) تا ئێستا بۆ سەپاندنی هەوییەتی خۆی وەک گەلێکی جیاواز و خاوەن فەرهەنگ و مێژووی تایبەتی، بەس جەختی کردووەتە سەر خەباتی چەکداری و لەم ئاخرانەشەوە سیاسەت(دیپلوماسی)، کە هەردووکی بە گوێرەی خۆی پێویست بووە. بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین لە بوارەکانی تریشدا بە تایبەت لە بواری فەرهەنگ و مێژوودا خەبات بکەین و بە توێژینەوە، بگەڕێین بە دوای ناسنامەی فەرهەنگی و مێژوویی خۆماندا‌و بە هەموو دنیا بڵێین کە ئێمە میللەتێکی کۆنین و فەرهەنگ و کەلەپووری دەوڵەمەندمان هەیە و بە درێژایی مێژوو گەلانی دیکەی ئەم جیهانە لە زمان و دیاردە فەرهانگییەکانی ئێمە کەڵکیان وەرگرتووە.
- دیارە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و لەخۆبردوو هەیە و لە هەمان کاتدا دەبێ دامودەزگای فەرهەنگی هەبێ کە بایەخ بدا بەو کارە پیرۆزە و یارمەتی توێژەران بدا.
- 

## * پەراوێزەکان

- 
- 1. بڕوانە : Spenta University, Mehr 3745 (October 2007), Cyrus Farhomand
- هەروەها : سایتی ئینتێرنیتی " درفش کاویانی ", www.derafsh-kaviyani.com بەشی: نوشتارهای پارسی، فریدون جنیدی، مهر ایرانی
- 2. خۆش ئەوەیە کە ئەم وشە کوردییە واتە "میر"، دەچێتە نێو زمانی رووسی و پولۆنیایی (لهستانی) و لە هەر دوو زمانەکەشدا بە واتای ئاشتییە.
- هەر بۆیە رووسییەکان کاتی خۆی وێستگەی ئاسمانی (ایستگاه فضایی)ەکەی خۆیان بە ناوی "میر" نردە ئاسمان و بەو شێوە رایانگەیاند کە وێستگەکەیان بە مەبەستی ئاشتی ناردووەتە ئاسمان.
- 3. ئاییینی " زەروانی "ش ئایینێکی دیکەی کوردییە، کە هیوادارم لە داهاتوودا بابەتێکی لە سەر بنووسم.
- 4.
- * حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کە لە ناوچەی سەقز گوندێک هەیە بە ناوی گاوارە.
- ** لە زمانی فارسیدا وشەی "گهوارە" بە واتای بێشکەیە. لام وایە کە هەر ئەو گاوارەیە کە وەک بێشکە بووە بۆ میترە.
- 5. ئەم سەرهەڵدانەی میترە لە بەردەوە، یەکێ لەو پێغەمبەرانەم وەبیر دێنێتەوە کە لە قورئاندا باسی کراوە.واتە حەزرەتی "صالح". بەداخەوە من عەرەبی نازانم. بەڵام ئەگەر ریشەی وشەی "صالح"، " صلح(ئاشتی)" بێ، لام وایە ئەو پێغەمبەرە شێوەی گۆڕدراوی میترە بێ. ئەگەرچی ئەو، خۆی نە ، بەڵکوو وشترەکەی لە بەردەوە سەرهەڵدەدا.
- 6.
- * لە ناوچەی کرماشان بە خۆر دەڵێن هۆر. سەیر ئەوەیە کە ئێستاش لەو ناوچەدا کاتێ سوێند دەخۆن، دەڵێن : بەو هۆرە نازارە قەسەم.
- ** گوایە مەقامی "هۆرە"، سروویێک بووە بۆ هۆر(میترە).
- 7. لە نەخشە بەردینەکەی "تاقەوسان"ی کرماشاندا پەیکری میترا دەبینرێ کە خەرمانەی تیشکی بەسەرەوەیە و لە نێو گوڵی نیلووفەرێدایە.
- 8.
- * لە باسی زمانی پەهلەوی کۆندا، دەگوترێ کە بە پێی رێسای تایبەتی ئەو زمانە، وشەی "نا" کە ئامرازی پێچەوانە کردن و مەنفی(سلبی) کردنەوەیە، لەو وشانەدا کە بە "ئا"وە دەست پێدەکا، لەگەڵ "ئا"کە جێگۆڕکێ دەکەن. مەسەلەن ئەگەر بیانویستایە وشەی "ئاشنا" بکەنە "نائاشنا"، جێگای "نا"کە و "ئا"کەیان دەگۆڕی و لەباتی "نائاشنا"، دەیانگوت : " ئاناشنا ". هەربۆیە دەڵێن وشەی پەهلەوی "ئاهیتا"، کە لە فارسی ئەمڕۆدا تەرجەمە کراوە بە ( آمیختە ) کە بە واتای (ئاوێتە)یە، بۆ پێچەوانە کردنەوە بووەتە " ئاناهیتا" (نآمیختە)ی فارسی و (نائاوێتە )ی کۆردی. کەوابوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو رێسا تایبەتییەی زمانی پەهلەوی و لێکچوونی " ئاناهیتا" و "نائاوێتە"، بۆمان روون دەبێتەوە کە ئاناهیتا وشەیەکی کوردییە و هەمان نائاوێتەیە.
- ** ئێستاش مەعبەدی ئاناهیتا هەر بەو ناوەوە لە کوردستان و لە شاری کەنگاوەر ماوە کە خەڵک دەچنە تەوافی.
- *** رەنگە هەموومان لە بەساڵاچووانی کوردمان بیستبێ کە دەڵێن : حەزرەتی مریەم دایکی حەزرەتی عیسا کەفی ئاوی دەریای خواردەوە و عیسای بوو. کە بەبۆچوونی من ئاسەواری باسەکەی ئاناهیتایە کە خەڵک لەگەڵ باسی مریەم تێکەڵیان کردووە.
- 9. ئەو شەرابە لە گیایەکی پیرۆز درووست کراوە بە ناوی "سۆمە" یا "سۆم" کە لە فارسیدا بووەتە "هوم". خواردنی شەرابەکە دەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ لە راستی و پاکی تێ بگا و لە تاریکییەوە بگاتە رووناکی.
- جا خۆتان وشەی "سۆمە" یا "سۆم" لەگەڵ وشەی کۆردی سۆما بەراورد بکەن.
- 10. ئێستاش لە کوردستان کە پاییز تەواو دەبێ و زستان دەست پێدەکات و دیارە رۆژگار درێژ دەبێتەوە، خەڵک دەڵێن : رۆژ گەڕاوەتەوە.

- 11. جێگای سەرنجە کە " منوچهر جمالی " کەپڕۆفیسۆرێکی فارسە، دەڵی کە وشەی ئینگلیزی "Marry" کە بە واتای زەواجە، هەمان وشەی کوردی "مارە"یە(مارە بڕین)، کە چووەتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە.
- 12. دەستەیەک لە توێژەرانی فارس لەو بڕوادان کە تەسەوفی ئیسلامی و شەرقی لە تەسەوفی میتراییەوە گیراوە.
- 13. من نازانم لە کوردیدا ئەو سەرکلاوەی میترا ناوی چی بووە، بەڵام تۆ بڵێی وشەی " مێزەر" کە کورد لە سەری دەبەستێ، لەگەڵ وشەی " میثرە " پێوەندی نەبێ ؟